## لە رۆژی دادپەروەری تاوانکاری کوردستاندا: ژمارەی زیندانیانی نگرە سەلمان بە ٣٠٠٠ رەت دەکینەوە

عەلی مەحمود



ئەمڕۆ لە مۆنمێنتی ئەنفال لە شاری چەمچەماڵ و گۆڕستانی ئەنفالکراوان لە دێی بنە لە رزگاری رێکخراوەکانی جینۆساید بە بەشداری کەسوکاری ئەنفالکراوان لە رۆژی دادپەروەری تاوانکاری لە کوردستان دوو کۆنگرەی رۆژنامەنووسیان ئەنجامدا, دەقی بەیاننامەکە لە خوارەوە هاتووە:

لە یادی ١٩ ساڵەی دادگایی تاوانبارانی ئەنفال و رۆژی دادپەروەری تاوانکاری کوردستاندا

رێکەوتی ٢١ی ئابی ٢٠٠٦ بۆ پرسی دادگاییکردنی تۆمەتبارانی تاوانەکانی جینۆسایدی گەلی کورد و بنەماڵەی قوربانیان بە تایبەتی و خەڵکی کوردستان بە گشتی رۆژێکی مێژوویی گرنگ بوو، بەو پێیەی رۆژی دەسپێکردنی دادگاییکردنی تاوانبارانی تاوانی "ئەنفال" بوو لە عێراق، لەو رۆژە بۆ یەکەمجار لە مێژووی گەلانی کوردستان و گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان لە ماوەی سەدان ساڵی رابردوودا، کەسانێکی تاوانبار بە تاوانی گەورە بەرامبەر بە گەلەکەمان "تاوانی جینۆساید، تاوانی جەنگ، تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی"، لەلایەن دادگایەکی

وڵاتی داگیرکەری کوردستان و بکەری تاوانەکەوە دادگایی بکرێن، لەو پایتەختەی بڕیاری تاوانی کۆمەڵکوژییەکانی تێیدا دەرچووە.
رێککەوتی (٢١-٨-٢٠٠٦)، پرۆسەی دادگاییکردنی تۆمەتبارانی کەیسی ئەنفال دەستی پێکرد، خواستی قوربانیانی جینۆساید و شارەزایان و چالاکوانانی ئەو بوارە، بریتی بوو لە دادگایکردنی تاوانباران لە دادگایەکی نێودەوڵەتی یاخود لانی کەم دادگایەکی هاوبەش، تاکو دادگاییەکە بەشێوەیەکی دادپەروەرانەو جێی متمانەی ناوەندەکانی جیهانی بەڕێوە بچێت و پرۆسەی ناساندنی جێنۆساید گەلی کورد بە جیهانی بکرێت، هەرچەندە داواکە نەهاتە دی, وەلێ دادگاکە زۆر بڕیاری گرنگیدا، لەوانە چوار کەیسی کۆمەڵکوژی خەڵکی کوردستانی بە جینۆساید ناساند، کە تەنها لە ماوەی ٩ ساڵدا بەرامبەر گەلی کورد ئەنجامدرابوون، ئەمەش لە مێژووی نوێی مرۆڤایەتیدا بێ وێنە بوو.
بەڵام مەخابن بڕیارەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لە دادگاییکردنی تاوانباران بە گشتی و بە تایبەتی تاوانبارانی ئەنفال جێبەجێ نەکرا و رێزی لێنەگیرا، گرنگترین بڕیاریان بریتی بوو لە ئاشکراکردنی لیستێکی سەرەتایی لە ٤٢٣ تۆمەتبار، بەڵام پارتە سیاسییەکان بە تایبەتیش دەسەڵاتداران لە کوردستان بە شێوازی جۆراوجۆر، نەك تەنها داڵدەی تاوانبارانیاندا و پاراستیانیان و نەیان هێشت پرۆسەی دادپەروەری بەردەوام بێت، بەڵکو فشاریان خستنە سەر دەزگا هەمە جۆرەکانی دادوەری و رێگرییان کرد لە بڕیاری دەستگیرکردن و دادگاییکردنی ٤٢٣ تۆمەتباری ئەنفال، کە زیاتر لە (٦١٪)یان کورد بوون (٢٥٨) و تا هەنووکەش تاوانبارانی داواکراو لەلایەن پارتەکانی دەسەڵاتدارەوە دەپارێزرێن و هەندێکشیان پۆست و پلەیان پێبەخشراوە. . تەنانەت هەندێکی دیکەشیان لەلایەن پارتەکانەوە لەسەر پشکی گەلی کورد پۆستی سەربازییان لە رابردوو لە بەغدا پێدرابوو. ئەمە وێڕای ئەوەی ژمارەیەکی زۆری تۆمەتبارانی دیکە سکاڵایان لەسەر بوو, کەچی ناویان لە ریزبەندی تۆمەتباراندا نەبوو, لە هەمووشی سەیرتر نەبوونی ناوی نەزار خەزرەجی بوو, کە خۆی دان بەوەدا دەنێت سەرپەرشتی چوار پرۆسەی ئەنفالی کردووە کە دوییان ئەنفالی چوارو ئەنفالی کۆتایی کە زۆرترین زیانی مرۆیی هەبووە, ناوبراو لە پرۆسەی ئەنفال لە دوای سەدام حوسێن و عەدنان خێروڵاو عەلی حەسەن مەجید دەهات لە بڕیاردان.

ئێمە لە رۆژی دادپەروەری لە کوردستان کە رێکەوتی (٢١-٨) ە، کە بە رۆژێکی گرنگ و مێژوویی و پڕ بەهای دەزانین بۆ خەڵکی کوردستان و پرۆسەی دادپەروەری لە کوردستان. . داواکارین:
یەکەم: تەواوی ئەوانەی ناویان لە لیستی تۆمەتبارانی ئەنفال"٤٢٣ تۆمەتبار" و کەیسەکانی دیکەی جینۆسایدا هاتووە، بە زووترین کات دەستگیر بکرێن و بدرێنە دادگای باڵای تاوانەکان بۆ دادگاییکردنیان, لە کوردستانیش ئەمانە وەك تۆمەتباری هەڵهاتوو لە دادگا مامەڵەیان لە گەڵدا بکرێت، نەك هاوڵاتی بە ئیمتیاز وەك ئێستا دەبینین.
دووەم: لیستی ناوی تۆمەتباران بدرێتە پۆلیسی ئینتەرپول دوای رێکخستنی لیستەکە بە ناوی چواری تۆمەتباران و ناوی سیانی دایکیان، بۆ ئەوەی هەڵاتووەکانیان لە وڵاتانی دەرەوە دەستگیر بکرێن و دادگایی بکرێن کە تاکە رێگای بە جینۆساید ناسینی تاوانەکانە لە سەر ئاستی جیهانی.
سێیەم: لەلایەن پەرلەمانی داهاتووی کوردستانەوە ڕۆژی ٢١ / ٨ بە فەرمی بە ڕۆژی دادپەروەری تاوانکاری (عداله الجنائیه) لە کوردستان بناسرێت و ئەو ڕۆژە بکرێت بە سیمبولی رزگار نەبوونی تاوانباران لە سزا, بۆ بەرچاو روونی هەموو لایەك, لە ساڵانی رابردوو, بە پێشنیاری ئێمە و بە پشتیوانی وەزیری شەهیدانی پێشوو مامۆستا ئارام ئەم رۆژە لە کابینەی حەوت بە فەرمی وەك رۆژی دادپەرەوەری ناسێنراوە.
چوارەم: دەستگیرکردنی عەجاج  هەواڵێکی خۆش بوو, لەوەش خۆشتر ئەوەیە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقی بە ئەرکی دادگاییکردنی هەڵبستێت, لە دادگایەکی ئاشکرادا, رێگا بە زۆرینەی شایدحاڵ و سکاڵاکەرانی زیندانی نگرە سەلمان بدرێت شایەدی خۆیان بدەن و سکاڵا پێشکەش بکەن.
پێنجەم: بە زووترین کات رووفاتی ئەنفالکراوان دەرهێنراو لە گۆڕە بە کۆمەڵەکان بهێنرێنەوە کوردستان و پرۆسەی پشکنینی دی ئێن ئەی خێراتر بکرێت بۆ کەسوکاری قوربانیان.
شەشەم: نابێت رێگا بە تۆمەتبارانی  ئەنفال و موستەشارەکان و نەوەکانیان بدرێت, لە رێگای پۆستی سەرۆکی عەشیرەتەوە دەسەڵاتی خۆیان بسەپێننەوە بەسەر خەڵکدا.
حەوتەم: رێگا بگرترێت لە بەرپاکردنی پرسەو مەراسیمی گەورە  بۆ ئەو تاوانبارانەی جینۆساید کە دەمرن, وەك پاڵەوانی نەتەوەیی نمایش بکرێن.
هشتەم: داواکارین لە لیژنەی شەهیدان و جینۆسایدی پەرلەمانی کوردستان, بڕیاری  لێبوردنی گشتی بەرەی کوردستانی بۆ تاوانبارانی

جینۆساید و تاوانە مەزنەکان وەك شەهید کردن بە گرتن دان و سیخوڕیکردن  هەڵوەشێنێتەوە.
نۆیەم: ئێمە ژمارەی ٣٠٠٠ لە دانپێنانی تاوانبار حەجاج  هاتووە لە ڕۆژنامەی ئەلسەباحی ٢١-٨-٢٠٢٥ رەت دەکەینەوە, پێمان وایە ژمارەی زیندانیان دوو بۆ سێ هێندەی ئەو ژمارەیەیە.
لە کۆتاییدا دەڵێین دوای ١٩ ساڵ لە دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفال هێشتا زۆرینەی تۆمەتباران نەك دادگایی نەکراون, بگرە بەهێزکراون, روفاتی قوربانیان نەگەڕێنراونەتەوە بۆ زێدی خۆیان, موچەی کەسوکاری قوربانیان هاوتای موچەی کەسوکاری قوربانیانی عێراق نەکراوە, حکومەتی عێراق داوای لێبوردنی نەکردووە, عێراق ویستی نییە ببێتە ئەندامی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی, بەمەش دەیەوێت لە جوگرافیای جینۆساید بمێنێتەوە....
بەرزو بەرێز بێت روحی شەهیدان و قوربانیانی ئەنفال و هەڵەبجە و بارزانی و فەیلی و ئێزیدی و کریستان و کاکەیی و شەبەك لە رۆژی دادپەروەری تاوانکاری لە کوردستاندا، سەرکەوێت دادپەروەری لە پێناو بەرقەراربوونی حوکمی یاسا و دادگایەکی بەهێزی سازشنەکەری پیشەیی لە کوردستان.
دەربازبوونی تاوانبارانی جینۆساید لە سزا, گەورەترین پێشێلکاری یاسایی و تاوانە لە کوردستان, درێژەی تاوانەکانی بەعسە و بەردەوامی  پرۆسەی جینۆسایدە.

- تۆڕی رێکخراوە کوردستانییەکان لە پێناو دادگای تاوانی نێودەوڵەتی - Koncicc
- رێکخراوی ٤/١٤
- کۆمەڵەی داکۆکی لەپرسی ئەنفال
- چاودێری کوردۆساید-چاك / کوردستان
-کۆمەڵەی قوربانیانی چەکی کیمیاوی هەڵەبجە
-تۆڕی ئایکان کوردستان – IKN
-رێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کۆکوژ لە کوردستان – OAWMD
-رێکخراوی هەڵمەتی دادپەروەری – OJC
-رێکخراوی جیهانی بێ چەکی کیمیاوی و بایەلۆجی- WWW
-هەڵمەتی ژیان دژ بە ئیعدام لە کوردستان

-گۆڤاری تۆبزاوه
-رۆژنامەی نگره سەلمان
- رێکخراوی مانەوه بۆ پرسی شەهیدان و ئەنفالکراوان
-رێکخراوی کوردستان بێ جینۆساید- Kwg

٢٠٢٥-٨-٢١

٠٠٩٦٤٧٥٠٣٧١٤٦٢٠